# بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی

ئا: هەژان

---

رەنگە یەکێك لەو خاسیەتە بنەڕەتیانەی کە کۆمەڵگا زیندوەکان لەکۆمەڵگا مت بوەکان جیابکاتەوە لەوەدا بێت کە کۆمەڵگا زیندوەکان هەمیشە ئەو کۆڕەفتار (سلوك جمعي) و وێناکردن (تصور)انەی کە هەیەتی دووبارە دەخوێنێتەوە، مەبەستیش لەکۆڕەفتارو وێناکردنە کۆمەڵایەتیەکان وەك زۆرێك لەکۆمەڵناسەکانو دەروونناسە کۆمەڵایەتیەکان مەبەستیانە ئەو وێناکردنو رەفتارانەیە کە لەئەنجامی پاڵنەرێکی دەروونی تاکەکانەوە یان ورژوێنەرێکی دەرەکیەوەو لەقۆناغێکی دیاریکراودا لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگایەك دروست بووەو پەیتا پەیتاش بۆ نەوەکانی دواترو قۆناغەکانی دواتریش گوێزراونەتەوە، لێرەوە کۆمەڵگای زیندوو – وەك وتمان – ئەوەیە کە خوێندنەوە بۆ ئەو رەفتارو وێناکردنانە لەدوو ئاستی سەرەکیدا دەکات، یەکەم، ئاستی سیاقی کۆمەڵگا، واتە کۆمەڵگا بەردەوام ئەو رەفتارو وێناکردنانە لەگەڵ گۆڕانە سروشتیەکانی کۆمەڵگاو پێداویستیە سروشتیەکاندا بەراورد دەکاتو لەوێشەوە هەندێك لەو رەفتارو وێناکردنانە لادەباتو لەبەرامبەریشدا رەفتارو وێناکردنی نوێ هەڵدەبژێرێت. ئاستی دووەم، ئاستی دەرەوەی کۆمەڵگایە کە لەم ئاستەدا پێویستە کۆمەڵگا ئەو گۆڕانو پێشهاتە نوێیانە دیاری بکات کە بەجۆرێك لەجۆرەکان بەژیانی ئەو کۆمەڵگاوە پەیوەست دەبنەوەو جێکەوتەی لەسەر دادەنێن، لەم پرۆسەیەشدا کۆمەڵگا لەلایەك خودی ئەو چەمكو دیاردە نوێیە لەخۆیدا دەخوێنێتەوەو لە لایەکی تریشەوە کاریگەری بۆ سەر ئێمە – کۆمەڵگا – لەڕوانگەی لێکچوونو جیاوازیەکانی لەگەڵ ئەو وێناکردنو رەفتارانەی کە لەکۆمەڵگادا هەیە دیاریدەکاتو بەمەش کەناڵێکی سروشتی مامەڵەکردن لەبەردەمیدا دەکاتەوە.

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی یەکێکە لەو چەمكو دیاردە نوێیانەی کە لەجیهانی ئەمڕۆدا روبەڕوی زۆرێك لەکۆمەڵگاکانی دونیا، لەوانەش کۆمەڵگای کوردی دەبنەوە، ئایا ئەم چەمکە لەخۆیدا چی دەگەیەنێتو لای ئێمەش جێکەوتەی چۆنە، ئەمەو چەند لایەنێکی هاوپەیوەندی بەو تەوەرەوە بابەتی مێزگردی ئەمجارەی گۆڤارەکەمانە کەهەریەکە لەبەڕێزان د.رەشاد میران – دوکتۆرا لە ئەتنۆگرافیادا و د. دلێر شاوەیس – دوکتۆرا لەئابوری کۆمەڵایەتیداو مامۆستا مەولود باوەمراد – رۆشنبیر تێیدا بەشداربوون.

صەبور سەیوانی:– دیارە دەوڵەتی یاساو مافەکانی مرۆڤ بریتین لە بەردی بناغەی دەوڵەتی مەدەنی و کۆمەڵگای مەدەنی، لێرەوە ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە هێشتا ئەم دوو چەمکە لە قۆناغێکی ئەزموونیدایە، یان ماوێتی جێگەی خۆیان بگرن، لە حاڵەتێکی وادا دەکرێت ئێمە باس لەبەمەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی بکەین؟

د. دلێر شاوەیس:– پێش چوونە نێو ئەم بابەتەوە، پێم وایە پێویستە پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، بێگومان مەبەست لە کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکە دامو دەزگاو دامەزراوەی جۆربەجۆری تێدایە، بەشێوەیەك پەیوەندی نێوان ئەو دامودەزگایانە کۆمەڵێك یاساو ڕێسا ڕێکیان بخات، لێرەوە هەر دامەزراوەیەك بەکاری خۆیان هەڵدەستن و کار دەکەن لە پێناو وەرگرتنی مافەکانیان چ وەك دامەزراوە بێت یاخود تاکەکەس. یان بە شێوەیەکی گشتی بڵێین، بریتی یە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکدی، بێگومان لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێمەدا ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە تا ئێستا سەقامگیر نەبووە، بۆیە ناتوانین باس لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین،چونکە هەموو باسکردنێك لەم چەمکە دەبێت بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی ئەو تاقیکردنەوەیە بێت کە لە کوردستاندا هەیە ،.

صەبور سەیوانی:– بەڕێزت باس لە تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی دەکەیت، دیارە وەك شێوەیەکی ستاندار کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئایا ئەو تایبەتمەندییە کوردەوارییانە کامانەن کە لێکچوو جیاوازن لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە گشتیانەدا؟

د. دلێر شاوەیس:– بێگومان کۆمەڵێك هێڵی سەرەکی هەیە کە لە هەموو کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا پێویستە دەستەبەر بکرێت، بەڵام من مەبەستم لە تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردەواری نەبوو، بەڵکو مەبەستم ئەو بارودۆخە تایبەتیەیە کە ئەزمونی دەسەڵاتی کوردی تێیدایە، بێگومان کۆمەڵگای مەدەنیش لە هەر کۆمەڵگایەکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، کۆمەڵگای مەدەنی لەوڵاتێکی وەك فەرەنسادا ئەبێت مۆرکە فەرەنسیەکەی پێوە بێت، بۆیە جیاواز دەبێت لەو کۆمەڵگایەی کە لە ئینگلتەرا هەیە، لێرەوە پێویستە کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانی ئێمەشدا مۆرکە کوردیەکەی پێوە بێت، ئێمە میللەتێکین کە مێژوو داب و نەریت و شتی خۆمان هەیە کە سەدان ساڵە لەم کۆمەڵگایەدا هەیەو لە ناخی زۆربەماندا بە زیندوویی دەژین، بۆیە نابێت ئەو لایەنانە فەرامۆش بکەین.

د. ڕەشاد میران:– بەرای من لای ئێمە کۆمەڵگای مەدەنی قۆناغێکە ئێستا خەریکە دەچینە ناویەوە، بۆیە لەسەرەتادایین و هێشتا لەو بڕوایەدانیم کە ئێمە کۆمەڵگایەکی مەدەنیمان هەبێت، ڕاستە کۆمەڵە بنچینەیەکمان هەیەو چەند هەنگاوێکمان هەڵگرتووە، بەڵام هێشتا کۆمەڵێك ئاستەنگ و کەم و کوڕی هەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا ناگونجێن، تا ئێستا وەك پێویست مافی مرۆڤ نەپارێزراوە، یاسا بەباشی پەیڕەو ناکرێت، ئەمەش بۆ ئەو هۆشیاریە دەگەڕێتەوە کە لە ئێمەدا هەیەو تا ئێستا ئاسەوارەکانی ڕەوشی پێش ڕاپەڕینی بە توندی تێدا بەدی دەکرێ، لە دوای ڕاپەڕینیش کەم کارکراوە بۆ هۆشیار کردنەوەو بێدار کردنەوەی خەڵك

بەمەبەستی ئامادەکردنی بۆ قۆناغێکی تر، کە تێیدا بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی بچەسپێت، لەو باوەڕەدام کە ئێمە لەسەرەتادایین، بەڵام هاوکات ئارەزویەکی زۆرمان هەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو هەوڵو کۆشیش هەیە. سەبارەت بە مۆرکی نەتەوایەتیش من پێم وایە ئەوەی کۆمەڵگاکان لە دنیادا لەیەکدی جیا دەکاتەوە لایەنی مۆرکە نەتەوایەتیەکەیە، دەتوانین چەندان کۆمەڵگا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەدی بکەین کە لە ڕووی پێشکەوتنەوە وەك یەکن، بەڵام ئەوەی لە یەکتریان جیا دەکاتەوە لایەنی مۆرکە نەتەوایەتیەکەیە لە دابو نەریتو سیما نەتەوایەتیەکان، لێرەوە مەدەنیەت هەرگیز بە مانای ڕەشکردنەوەی سیما نەتەوایەتیەکان نی یە، ئەگەر سەیری گەلانی ئەوروپا بکەین دەبینین زۆر نەتەوەیین لە هەندێ باریشدا دەگەنە ئاستی نارسیزم (ڕەگەز پەرستی) ، یەکێك لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم بەگەڕخستنی تەواوی یەکێتی ئەوروپا لایەنە نەتەوایەتیەکەیە، چونکە هەر نەتەوەیەك ئامادەنی یە تەنازول لە لایەنە نەتەوایەتیەکانی خۆی بکات.

<u>صەبور سەیوانی:</u>– ڕاستە ئەو ئینتیمایەی کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەیەکەوە دەبەستێتەوە لایەنی نەتەوایەتی یان ئینتمای هاوڵاتی بونیانە، چونکە ئەو دوو چەمکە لە سەروی هەموو پۆلین بەندیەکانی ترەوەیە، بەڵام تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئینتمایان بۆ چەند پۆلێن بەندیەکی تر هەیە، تاکی کورد بەو هێندەی کە مونتەمیە بۆ کۆمەڵە دامەزراوەیەکی وەك حیزبو ڕێکخراوە، هێندە مونتەمی نیە بۆ نەتەوەو هاوڵاتی بورن، لە ئێستادا ئێمە بە هەر جۆرێك بێت دەسەڵاتێکی کوردیمان هەیە، ئەم دەسەڵاتەش کۆمەڵێك گۆرانکاری باشی کردووە، لە ڕووە مادیەکەدا کۆمەڵە کارێکی کردووە، بەڵام لەلایەنە مەعنەویەکەدا لە ڕوی بەهێزکردنی هۆشیاری کۆمەڵگاو بڵاوکردنەوەی چەمکە نوێیەکاندا زۆر بەکەمی کاریکردووە، ئایا ئاستەنگەکان چین، بۆچی سەروەری یاسا پەیوەستە بە دەسەڵات خۆیەوە، ئایا دەکرێ ئێمە سەروەری یاساو مافی مرۆڤ ڕاگرین تا ئەوکاتەی دەسەڵاتی کوردی بە تەواوی پێگەکانی خۆی بچەسپێنێت ئینجا کۆمەڵگای مەدەنی درووست بکەین؟

<u>د. ڕەشاد میران:</u>– عادەتەن لەهەموو پرۆسەیەکی گۆرانکاریدا هەموو شتەکان پێکەوە کار دەکەن، شتەکان بەوشێوەیە میکانیکی نین تا بوارێك ڕابگرینو بوارێك ببزوێنین، ژیان بە گشتی پێکەوە بە ڕێوە دەچێت، بەلایەنە باشو خراپەکانیەوە، ڕاستە ئێمە ئەگەر هۆشیار تربین ئەتوانین ڕێکخراو (تنظیم) تری بکەین، دەتوانین لایەنە نەگەتیڤەکان کەمتر بکەینەوە، بەڵام لە بناغەوەو لەکۆنەوە گرفتی ئێمە گرفتی هۆشیاریەکە بووە،بۆیە من جەخت دەکەمەوە کە دەستە بژێر (نخبة)ی کۆمەڵگای ئێمە ڕۆڵی کەم بووە لە هۆشیار کردنەوەدا، نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی بەچاکی ببینێت، ئێمە ئەگەر بەراوردی خۆمان بکەین بە بزافو ڕاپەڕینو شۆڕشی نەتەوەکانی تر، دەبینین دەستە بژێر لەو نەتەوانەدا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوەو توانیویانە خەڵك فێر بکەن، ڕایان بهێنن، بەراستی بن بە پێشرەویان،من پێم وایە میللەتەکەمان بەسرووشت خۆی باشەو بە سرووشت بێ زیانە، لە هەندێ ڕووەوە بە سرووشت مەدەنیەکە گەلێ کار هەیە نایکات بەبێ ئەوەی پێشرەوێکی هەبێت یاخود هۆشیاریەکی گەورەی هەبێت، کە دەڵێم دەستە بژێر

مەبەستم تەنها توێژێك نیە، بەڵكو مەبەستم هەموو جۆرە دەستەبژێرەكانە وەك ڕۆشنبیران، دەستە بژێری زانایانی ئاینیو هتد... ئەم دەستە بژێرانە كزن، لە هەندێ باردا بەگومانم كە تا چەند دەتوانین ناویان لێ بنێین دەستەبژێر؟

مەولود باوەمراد:- بەڕێزت لەباسی كۆمەڵگەی مەدەنیدا ئاماژەت بەدوو لەمپەر كرد كە ئەوانیش پەیڕەونەكردنی یاساو مافی مرۆڤە، ئەم بارەش كۆمەڵگای مەدەنی بەرەو دواوە دەبەن، ڕاستە دەستەبەر كردنی دیموكراتیەتو مافی مرۆڤ لەسایەی دەوڵەتێكی یاسایدا زەمینەی لەدایك بوونی كۆمەڵگای مەدەنی دەرەخسێنێ، بەڵام ئەگەر ئەم دوولایەنە لاواز بن دەكرێت كۆمەڵگای مەدەنی هەبێت؟ ئێمە پێویستە كۆمەڵگای مەدەنی لەدوو ڕوانگەوە سەیر بكەین، یەكەم:- كۆمەڵگای مەدەنی وەك حاڵەت، دووەم:- كۆمەڵگەی مەدەنی وەك دامەزراوەكان، كۆمەڵگەی مەدەنی وەك حاڵەت بریتییە لەو كیانەی كەوا دەوڵەت بەهەموو دامو دەزگاكانیەوە زامنی ژیانێكی دیموكراسیو زامنی دەستەبەركردنی گەشەپێدانی باری ئابووریو هێنانە كایەی كاری ڕێكخراوەیی بكات، بەوەی كە هەر گروپو كۆمەڵێك بتوانن خۆیان ڕێك بخەن لە گروپو ڕێكخراوداو بەرژەوەندیەكانی خۆیان لەناو كۆمەڵگاداو دوور لەدەسەڵاتی دەوڵەت ڕێك بخەن، دەوڵەتیش تەنها كاری ئەوە بێت كە هەموویان بپارێزێت، ئەمەش حاڵەتێكە كە بەتەنها ڕۆژو دووڕۆژێك نایەتە دی، بەڵكو پێویستە هەموو كۆمەڵگا هەنگاو بە هەنگاو بەو ئاراستەیە گەشە بكات، بۆیە دەبێت لێرەدا ئەو پرسیارە بكرێت ئایا ئەمڕۆ لە كوردستاندا ئاراستە بەرەو ئەوەیە كە بگەینە ئەوە، واتە ئایا دەسەڵاتی سیاسی لەماوەی ئەم دە ساڵەی ئەزموونیدا بەرەو ئەو ئاراستەیە كار دەكات كە بەرەو كۆمەڵگایەكی مەدەنی بمانبات یان نا؟ ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە یاسا وەك پێویست سەرەوەر نیەو مافی مرۆڤ بەتەواوی پارێزراو نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئایا دەسەڵات بەو ئاراستەیە كار دەكات یان نا، ئەگەر لە كۆمەڵگای كوردی خۆمان وورد بینەوە تارادەیەكی باش ئەو كارە كراوە، بەڵام نابێت ئەوەش بشارینەوە كە هەوڵی تری پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەش هەیە ، چونكە ئەگەر ئێمە بڵێین تاك - كۆمەڵگا- نەتەوە كە هەموو ئەمانە ئینتمان، من دەڵێم ئیتمایەكی تریش لە كوردستاندا هەیە كە بەهێزترە لەهەموو ئینتیماكانی تر كە ئەویش بریتییە لە حیزب، لێرەوە پۆلێن بەندیەكە دەبێت بە تاكو كۆمەڵگاو حیزبو ئینجا نەتەوە، ئێمە لەماوەی ئەم دەسەڵاتە كوردیەدا دەبینین چەندان لەمپەڕی گەورە هەبووە كە نیهێشتووە یاسا سەروەر بێت، لەوانەش مانەوەی كەلتوری دیكتاتۆریەتو ڕۆحی دایلۆساندن، نەبوونی ئومێد بە ئایندە لە ناو ناخی تاكی كورددا، چونكە هەمیشە تاكی كورد ڕەو ئەكاتو ڕائەكات، بۆیە ئەگەر هەستیئایندە سازی نەبێت ئەوە هەستی دامەزراوەییو دامەزراوە سازیش نابێت، لەمپەرەكانیش تەنها لەناو تاكی كوردو دەسەڵاتی كوردیدا نیە، بەڵكو لەزۆر باردا لەوەوەیە كە ژینگە سیاسیەكەی دەوروبەرمان لەبار نیە، ئێمە لە ئێستادا ئەزموونەكەمان دووكەرت بووە، كەچی هێشتا ناحەزان نایەڵن بەو دووكەرتیەش ئارام بین.

هەر لێرەوە گەر سادەترین پێناسەی یاسا ئەو کۆمەڵە بنەمایانە بێت، کە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی رێك بخات تا ماف و ئەرکەکان پارێزراو بن، ئایا دەسەڵاتی سیاسی ئێمە ئەوەندە سەقامگیر بووە تاوەکو یاساش سەقامگیر بێت، ئایا دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی لە دەرەوەی یاسا ناژی، بۆ خۆی بە میلیشیا پارێزگاری لەخۆی ناکات! ئایا کۆمەڵێك دامەزراوەی یاسایی دامەزراوە تاوەکو ناویان لێ بنرێت، گەر لێرەوە سەرنج بدەین پێم وایە ئەوەی لەتوانای حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستاندا بێت بۆ کۆمەڵگای مەدەنی کراوە، ئەوەندەی لەدەرەوەی دەستێوەردانی سیاسی بێت کراوە، ناتوانین بڵێین یان کۆمەڵگای مەدەنی یان هیچ، چونکە ئەم گۆڕانە پێویستی بە قۆناغ بەندی هەیە، لێرەوە ئەگەر رۆشنبیرانمان بە هەست کردن بە کەمو کورتیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەبەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی و خەڵکی لە خروقات ئاگادار بکەنەوە، ئەوا دەکرێ هەنگاونانەکانمان رووەو کۆمەڵگای مەدەنی تۆکمەتر بێت.

صەبور سەیوانی:- دێینە سەر تەوەرەیەکی تر، لە زۆربادا یەکێك لە رێگرە سەرەکیەکانی بەردەم بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگا خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی یە، بەو واتایەی خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی وەکو ئۆرگانێکی ناو خۆیی شێوازو بنەماو داب و نەریتی خۆی هەیە دەیسەپێنێت، واتە جۆرێك لە رەفتارو وێناکردنی بۆ دەوروبەرو دونیا هەڵگرتووە، ئایا ئەو هێزە ناخەکی و خەیاڵگە کۆمەڵایەتی یە تا چەندێك دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو ئۆرگان و بنەما دەرەکیانەدا کە ئێمە ناوی کۆمەڵگای مەدەنیمان لێ ناوەو دەمانەوێت بیچەسپێنین، واتە قسەکردنمان لەسەر ئەو کەلتورەیە کە تاکی کورد لەسەری گۆش کراوە، بە دڵنیایی ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، بۆ نمونە دەبینین ئەنسرۆپۆلۆژیەکان باس لە هەندێ کۆمەڵگای سەرەتایی دەکەن، لە کۆمەڵگایەکی وەك ئەسکیمۆدا مەسەلەی پەیوەندی سێکسی بە لایانەوە حەرامکراو نی یە، کەواتە ئەگەر دامەزراوەیەك بێتە کایەوە یەکێك لە درووشم و ئامانجەکانی بریتی بێت لەئیباحیەت و تێکەڵاوی ئەوا ئاسانتر هەنگاوێك دەبرێت، چونکە هاوتەریبە بەو کەلتوورە...

د. دلێر شاوەیس:- ئێمە کە باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین، پێویستە بزانین کە سیستەمی تایبەتی و بارو دۆخی تایبەتی خۆی هەیەو قۆناغی خۆی هەیە وەك د. رەشاد باسی کرد، بێگومان سەروەری یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ دووبنەمای سەرەکی سیستەمێکی دیموکراسین، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە سیستەمی دیموکراسی رەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و مادی کۆمەڵگایە، ئەو خەیاڵگە کۆمەڵایەتیە یان هۆشیاریە کۆمەلایەتیەی کە بەرێزتان باسی دەکەن، لە بۆشاییدا دروست نابێت، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی مادی و بناغەیەکی ئابووری دروست دەبێت، من وای بۆ دەچم کۆمەڵگای مەدەنی ئیمکان نی یە لە کۆمەڵگایەکدا دروست بێت کە ئابوریەکی دواکەوتوی هەبێت، لێرەوە گەر سەرنج بدەین پێم وایە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا بنەما ئابوریەکانی دروست بوونی سیستمێکی دیموکراسی نی یە، راستە کە لای ئێمە ئازادی هەیە وەك کاك مەولود باسی کرد، بەڵام ناتوانم وەك سیستمێکی دیموکراسی باسی بکەم، چونکە بنەما ئابوریەکانی ئەو سیستمە لە ئارادا نیە، سیستەمێك کە هەموو

شتەکان لە خانەکانی خۆیدا دابنێیتو ماف و ئەرکەکان بە تەواوی دیاری بکاتو سنوور لە نێوان ئازادی منو ئازادی ئەوی تردا دیاری بکات بە شێوەیەك کە ئازادی من لەو خاڵەدا کۆتایی بێت کە ئازادی تۆ دەست پێ بکات بە تەواوی نییە، ئەمە لە سیستەمێکدا دەبێت کە لەسەر بنەمایە کی ئابووریو تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو وەستابێت، ئەو کۆمەڵگایە لە وڵاتی ئێمەداو تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا وەك پێویست بوونی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە وڵاتی ئێمەدا توانیومانە دەسکەوتی گەورەترو تارادەیەك بازدان بەسەر هەندێك لەو واقیعە مادیانەدا بدەین، ئەم بازدانە بە بیرو بۆچوونی من هۆکارەکەی ئەو ستەمە نەتەوایەتیەیە کە بە درێژایی مێژوو لە ئێمە کراوە، ئەو هەستکردنە بە پێشیلکردنی مافە کۆمەڵایەتیەکانمان کە پێشێل کراوە، بۆیە توانراوە بازدان ڕوبدات، لێرەوە پێم وایە بە بەراوردا لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا ئێمە هەنگاوی گەورەمان ناوە، ئەمە لەگەڵ هەموو کەموکورتیەکی دەسەڵاتو دامو دەزگاکان لە وڵاتی ئێمەدا، بۆیە ئەو دەستکەوتانە جێگەی شانازیە، ئەو دەسکەتانەش لەگەڵ خۆیدا شەرعیەتی بە کۆمەڵگاو بە دەسەڵاتیش داوە، گەر هەر خودی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بگرین نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو شەرعیەت پێدانەیە.

صەبور سەیوانی:- بۆ وروژاندنی زیاتری بابەتەکە، حەزدەکەم بدوێم، بەڕێزت دەڵێیت گەشەکردنی ژێرخانی ئابوری هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگا، ئەمە زۆر ڕاستە، زۆرێك لە کۆمەڵناسە ئەوروپیەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە گەشەکردنی موڵکایەتی تایبەتی، بەتایبەتی گەشەکردنی چینی بۆرژوازی لە سەردەمی ڕۆشنگەریو ڕێنیسانسو شۆڕشی فەرەنساشدا ڕۆڵی گەورەی لەبەمەدەنیکردنی کۆمەڵگادا هەبووە، بەڵام من پێم وایە لای ئێمە خەیاڵگە کۆمەڵایەتیەکەش ڕۆڵێکی گەورەی هەیە کە ناتوانین بەئاسانی بەسەریدا باز بدەین، ئێمە لە ئێستادا باس لە کۆسپەکانی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین، بۆنمونە ئێمە باس لە سەروەری یاسا دەکەین، سەروەری یاسا بەو مانایەیە کە یەکسانی مافی هاوڵاتیان دەپارێزێت، لەوبارەدا ئەگەر هاوڵاتیەك بکوژرێت، لەبری ئەوەی کەسوکاری هاولاتی کوژراو مافی خۆیان بستێنن یاسا بەو کارە هەڵدەستێت، بەڵام تائێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە ڕادەیەکی زۆر هەست دەکرێ ئەو خەڵکانە دەیانەوێت خۆیان مافەکانیان وەربگرنەوە، لێرەوە گەر پۆلێنی بەندی هەندێك لە کۆمەڵناسەکان وەربگرین کە باس لە مەعریفەی گشتیو مەعریفی ڕۆحی، مەعریفی زانستی دەکەن، کە مەبەستیشیان لەیەکەم مەعریفە باوە گەشتیەکەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئەنجامی ژیانیان لە کۆمەڵدا وەریدەگرنو دووەمیش مەبەست لێی مەعریفەی ئاینیەو مەعریفەی زانستیەکەش مەبەست لێی هەموو چەمكو دەسکەوتە نوێیەکانە کە کۆمەڵگا لە دەرەوە وەری دەگرێت، لێرەوە دەڵێین گەر ئەو خەڵکانە بەمەعریفە زانستیەکە بیربکەنەوە، ئەو کارە ناکەن، خۆ ئەگەر بە دیوێکی تریشداو لە ڕوانگەیەکی ئابوریەوە سەیر بکەین دەبینین لە زۆر باردا زیانێکی ئابوری گەورە بەسەر خۆیدا دەهێنێ، چونکە پاش پرۆسەی کوشتنەوەی بکوژەکە لە باشترین باردا ناچارە پەنا بۆ ڕێکەوتنی خێڵەکی ببات لەم پێناوەشدا زۆرجار بە پارەیەکی ئێجگار زۆر کۆتایی بەکێشەکان دێت، ئەمەش بۆ کاریگەری خەیاڵگە کۆمەڵایەتیەکە دەگەڕێتەوە.

د. دلێر شاوەیس:- زۆر راستە کە خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی باڵا دەبینێ، بەڵام ئەم خەیاڵگەش رەنگدانەوەیەکی بارو دۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەیە، بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئینتما زیاتر بۆ کۆمەڵە، تاکگەرایی (فردانیة) لە ناو ئێمەدا زۆر کزە، ئێمە ئینتیمای خۆمان لە خێڵدا، لە بنەماڵەدا، لە حیزبدا دەبیننەوە، بۆچی فەردیەت گەشەی نەکردووە، چونکە لە پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا، لە تەکنەلۆژیایەکی دواکەوتوودا تاك سەربەخۆیی خۆی نابینێ، بۆیە عەقڵیەتی تاکیش لە چواچێوەی ئەو دەزگایانەدا کار دەکات کە لە خێزانەوە دەست پێدەکات تا بەحیزب دەگات، لێرەوە بەرژەوەندیە تایبەتیە تاکگەراییەکان زۆر بەکەمی دەبینرێ، بەڵام لەولاتانێکی پێشکەوتووی وەك ژاپۆن و ئەمریکا دا بەرژەوەندی تاکەکەس زۆر بەباشی خۆی دەنوێنێ، بۆیە مافەکانی مرۆڤیش لە وێندەر بەئاشکرایی دیارە، فیعلەن ئەو خەیاڵگە کۆمەڵایەتیەی کە لای ئێمە هەیە گەر لە چوارچێوە مێژوەیەکەیدا سەیری بکەین خەیاڵگەیەکی کۆمەڵایەتی دواواکەوتووەو دەبێت بەلەمپەر لە بەردەم دام و دەزگاو مەدەنیەکاندا، ناڵێم کۆمەڵگای مەدەنی بەڵکو راستر وایە بڵێین دام و دەزگا مەدەنیەکان.

د. رەشاد میران:- سەرەتا من سەرنجم لەسەر زاراوەی (خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی) هەیە، ئێمە لە بواری کۆمەڵناسیدا زۆر بەکەمی ئەو زاراوانە بەکار دەهێنین، هەموویان کۆدەکەینەوە لە زاراوەی (هۆشیاری کۆمەڵایەتی) دا.، راستە زۆر لە زانایانی زۆر پسپۆڕی بواری مەعریفەی کۆمەڵناسی خەیاڵی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنن، بەڵام ئەوە تایبەتە بە تیۆرەکانی ئەوان و باوەڕ ناکەم ئێمە ئەوەندە پسپۆڕیین کە بتوانین بەوردی ئەوە بەکار بهێنین، بەڵام ئەوەندەی کە لە ئێوە گەیشتبم مەبەستان هۆشیاری کۆمەڵایەتی‌یە، مەبەست لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەموو ئاستە فیکری و زانستی و رۆحی و نەتەوەیی و ئەدەب و هونەرو پیشەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، بێگومان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە مانا پۆزەتیفەکەی واتە بەرەو پێش چوون نەك هەموو گۆڕانکاریەك، یەکێك لە پرەنسیپ و بنەما هەرە سەرەکیە کانی بریتیە لە راچاوکردنی مەعریفەی کەڵەکەبوو (متراکم)ی کۆمەڵگا،بڵێن پاش ئەوە بنەمایەکی سەرەکیتر هەیە کە ئەویش بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە، مەعریفە بازۆر بێت، پێویستی بەگۆڕان زۆربێت بەڵام ئەگەر بونیادی کۆمەڵایەتی زۆر پتەوو دۆگما بێت و ڕێساو داب و نەریتەکانی زۆر تۆکمە بێت گۆڕان گرانترە، بۆیە رەچاوکردنی بونیادی کۆمەلایەتی لە پرۆسەی گۆڕاندا زۆر گرنگە، بێگومان گەلێك لایەنی کۆمەڵایەتی ئێمە هەیە زەحمەتە ئیغتراق بکرێت، ئەوەی پەیوەندی بەباری خێزانیەوە هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە ئاینیەوە هەیە، ئەوەی پەیوەستە بەداب و نەریتی نەتەوەییەوە. دیارە رەوتی گۆڕان هەر ئەبێت کاری خۆی بکات، بەڵام مەبەستمان لەمپەرەکانی بەردەم گۆڕانە.

صەبور سەیوانی:- بێگومان لایەنی پۆزەتیف و نەگەتیڤ لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە بۆ نمونە ناکرێ بێ زیانی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی - ئەگەر چی هەڵی لەباریشی هەبێت- لەسەری نەوەستین، ئایا ناکرێ لە کۆمەڵگای کوردیدا هەندێك مۆراڵ و بنەمای کۆمەڵایەتی

هەبێت کە پۆزەتیڤ بنو بتوانرێ گەشەی پێ بکرێ بە ئاراستەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی؟ ئایا ئەو بنەما کۆمەلایەتیانە یان بڵێین ژێرخانە کۆمەڵایەتیانە کە دەکرێ سودمەند بن چین؟

د. رەشاد میران:– هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیو نەتەوەیی ئێمە هەیە زۆر چەسپاوو دۆگمایە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بە تۆتالیتاریو توندو تیژی لا ببرێت، بەڵکو پێویست بە زەمەنی زیاترو کار لەسەر کردنی زیاتر دەکات، من گەر پێناسەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی بکەم، هەمیشە بەوە پێناسەی دەکەم، کۆمەڵگایەکە خزمەتگوزاریو پێداویستیەکانی ژیانی ئەندامانی خۆی بە چاکترین شێوە دابین بکات، ئینجا ئەگەر ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تیایدا دەژین ئەو مەرجەی تێدا بێتە دی، ئەوکات دەبێت بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی...

صبور سەیوانی:– ببورە، ئایا مەبەستت ئەوەیە کە دەوڵەت دابینی بکات یان کۆمەڵگا دابینی بکات، چونکە ئەگەر دەوڵەت دابینی بکات، ئەوە زیاتر بە ئاراستەی ستایلی وڵاتە سۆشیالیزمەکان دەڕوات پتر لە وڵاتە لیبرالەکان...

د. رەشاد میران:– مەبەستم لەوەیە کە کۆمەڵگا دابینی بکات لە ڕێگای دامەزراوەکانی خۆیەوە، مەبەست ئەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا بە باشترین شێوە پێداویستییەکانیان فەراهەم بکرێت، واتە من پێویستم بە دیموکراسیەت هەیە، پێویستی بایۆلۆژیم هەیە، پێویستی رۆحیو کۆمەڵایەتیم هەیە، کەواتە گەر ئەو پێداویستیانە دابین کرا ئەوکات کۆمەڵگایەکی مەدەنیم هەیە، مەرجیش نییە کە تەنها پێوەر لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکانەوە وەربگرین، بەڕێزت باست لەئیباحیەتی سێکسی کرد، مەرج نیە ئەوە هەبێت گرنگ ئەوەیە ئەندامانی کۆمەڵگا هەست بە کەمو کوڕی نەکەن لە پێداویستیە ژیانیەکاندا، پێم وایە هەندێ شت هەیە بە رەهایی تاتوانرێت باس بکرێت، بەڵام بۆ نمونە گەر باس لە کۆمەڵگای ئێرانی بکەین پێم وایە کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کۆمەڵگایەکی مەدەنی نییە، هەموو دامەزراوەیەکی مەدەنییان هەیە، بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەورو بەردا لەو ڕووەوە پێشکەوتوترە، بەڵام لە بواری هەندێك مەسەلەی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەت لەبواری پەیوەندی نێوان ئافرەتو پیاودا مەزهەب بە ئاشکرا سنورێکی دیاریکردوە، بەڵام ناشتوانین بڵێین مەدەنی نییە، کۆمەڵگاکانی کەنداوی عەرەبی کە لە بواری پێشکەوتنی ئابوریدا لە گەشەکردندانو بۆتە سەرچاوەیەکی بازرگانی جیهانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندان پەیوەندیو دابو نەریتی دواکەتووش هەیە، ئایا ناتوانین بڵێین کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێشکەوتوون!

صەبور سەیوانی:– بەڵام بەراستی لەووڵاتانەدا بەدەیان دیاردەی نامەدەنی دەبینرێت، هەر خودی دەسەڵات لەو وڵاتانەدا لە قەیرانی شەرعیەت دا دەژی، لە وڵاتێکی وەکو قەتەردا کە لەچاو بەشێکی تریان پیپێشکەوتوو ترە ئێستا لەم گۆرانکاریە گەورانەدا دەیەوێت سیستمی شانشینی دەستوری پیادە بکات! ئایا لە وڵاتێکی وەك بەحرەین دا ڕێگا بە هاوڵاتیانی مەزهەب شیعە دەدرێت لەگەڵ جیاوازی ئاینیان چالاکی خۆیان هەبێت، لە ڕێکخراوو دامەزراوی مەدەنیو یاساییدا خۆیان ڕێك بخەن کار بۆ بەجێهێنانی پێداویستیو خواستەکانی خۆیان بکەن...

د. ڕەشاد میران:– منیش وا دەڵێم، لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وادا چەندان کەمو کوڕی هەیە، سادەترین شت ئەوەیە کە هاوڵاتی ئەو شوێنە تەنازول ناکات لە عەگالەکەی! ئەوەش دۆگمابونێکی زۆر گەورەیە، ئایا من هەر تەنها بە عەگال دەبم بە عەرەب، بەڵام هاوکات ئەگەر ئێمە نەخشەیەکی تیۆری بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دابنێین، ڕەنگە ئەوەش وەکو کۆمارەکەی ئەفلاتۆنی لێ بێت کە واقع پەسەندی نەکات، تەنانەت لە ناو مەدەنیترین کۆمەڵگاکانیشدا لەوانە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئەمریکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تێیدا بەئاشکرا دەبینن، لادان لە یاسا دەبینی، ئافرەت دەچەوسێنرێتەوە، بەلام بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕەوشتی ئێستای ئێمە چەند لایەنێکی مەدەنی گەشەکردوی تێدا هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا دەژیـن و وەك پێویست ئایندەمان دیار نیە، پاشماوەی کۆنی ئیستبدایەتمان تێدا ماوە، بەداخەوە حیزبە سیاسیەکانو سەرکردەکانیشمان خەڵکیان ئامادە نەکردووە بۆ ئایندە، بەوەی کە ناوی خۆیان دەنێن ئەزموون کێشە لەوەدایە کە ئەزمون ڕۆلێکی پەروەردەیی نابینێ، خەڵك بۆ ئایندە ئامادە ناکات.

مەولود باوەمراد:– من پێم وایە ناکرێ خەیاڵگەی کۆمەلایەتی یان بڵێن هۆشیاری کۆمەلایەتی بەتەنها ببینین، ئێمە هەر کە باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین دەبێت ڕاستەو ڕاست بێینە سەرباسی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت، دەوڵەت گۆشەیەکە لە پەیوەندیەکە، ئەمە وەکو مافی مرۆڤ نی‌یە کە دەکرێ تاك بۆ خۆی بیپارێزێت، دەتوانم بە ویستی خۆم پێشێلی مافی بەرامبەرەکەم نەکەم، بەڵام کەوتمان کۆمەڵگای مەدەنی واتە ئێمە لە بەرامبەر دەسەلاتێکداین کە لە کیانێکی سیاسی و ئیرادەیەکی سیاسیدا خۆ دەنوێنێ، هەروەها لە بەرامبەر کۆمەڵە خەڵکانێکداین کە گروپ گروپ بەرژەوەندیەکانی یەکیان گرتووە، کە خۆیان یەکخستووە بە ئیرادەی ئازادانەی خۆیان دەیانەوێت بەبەرژەوەندیەکانیان بگەن، من دەڵێم خەیاڵگەی کۆمەلایەتی ئەو ڕۆڵە گەورەی نابێت، ئەگەر دەوڵەت بیەوێت کار لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی بکات...

صەبور سەیوانی:– ببورە، بەڕێزت دەڵێت پێویستە بوار بدرێت کە کۆمەلانی خەڵك بتوانن خۆیان لە گروپ و ڕێکخراوداو بەشێوەیەکی ئازادانە خۆیان یەکبخەن، بەڵام پێت وانیە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێیەمداو لەوانەش کوردستان خەڵك ئازاد نیە لە خۆڕێکخستنی لە ڕێکخراوو دامەزراوەکاندا، لە کوردستاندا تاك ناچارە خۆی بخزێنێتە ناو ئەو دامەزراوەو دامو دەزگایانەی کە حیزب بۆی دیاری دەکات و ئاراستەی دەکات، چونکە تەنها لەو بارەدا هاوڵاتی شانسی ژیانی هەیە کە بچێتە ناو ئەو حیزبانەوە...

مەولود باوەمراد:– ڕاستە، بەڵام ناکرێت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا یەك نمونە وەربگرین و گشتگیری (تعمیم)ی بکەین بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئەوە هەرگیز شتی وا نابێت، کۆمەڵگای مەدەنی بریتیە لەسەرجەم ئەو ڕێکخراوو دامو دەزگا کۆمەلایەتیانەی کەوا کۆمەڵگا بە ڕێکەوتنی ئازادانەی خۆی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە سایەی دەوڵەتدا دروستی دەکات، لێرەوە بە نمونە لە هیندستاندا پێویستە دەوڵەت ڕێگا بدات بە کۆمەڵی گا پەرستەکان

کە گا بپەرستن و چالاکی خۆیان بکەن ئەوە کۆمەڵگای مەدەنییە، ئیتر دەوترێت ئەوە دواکەوتنە یان چییە شتێکی ترە، کۆمەڵگای مەدەنی سەرەتاو کۆتایی ئەوەیە کە ئایارێکخستنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت چۆنەو لەسەر چ بناغەیەك دامەزراوە، ئایا ڕێگا دەدات خەڵکی بەویستی خۆیان کۆمەڵەکانی خۆیان دروست بکەن،

د.دلێر ئامازەی کرد بە بواری ئابوری، ڕاستە هەتا کۆمەڵێك گەشە سەندو بێت، هەتاداهاتی تاك و سەرجەم داهاتی کۆمەڵگا زیاتر بێت باری ئابوری خەڵکیش ئارام و سەقامگیر تردەبێت، ئەمە ڕاستە، بەڵام قسەمان زۆر اەسەر ئەوە هەیە کە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی وەکو هیندستاندا کە ئابوریەکی دواکەوتووشی هەیە دیموکراسیەت بەرقەرار نییە!، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لەوێ باوەڕی بە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە کە دیموکراسیەت هەبێت، لەوێ خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی هیچ ڕۆڵێکی نیە، خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی لای ئێمە ڕێگر بێت لەهەندێ کاروبار با دەسەڵات خۆی ڕێگا بدات دامەزراوەی بۆ دروست بێت.

صەبور سەیوانی:– ڕاستە، بەڵام پێم وایە لێرەدا پێویستە بۆ ڕایەکەی وەك د. ڕەشاد بگەڕێنەوە کەوتی دەستەبژێر( نخبە)ی ڕۆشنبیرو سیاسی و ئابوری ئێمە ڕۆڵی کەمی لەسەر کۆمەڵگا هەبووە، بەڕێزت کە باس لە هیندستان دەکەیت دەبینین کۆمەڵە دەستەبژێرێکی سیاسی هەبووە کە زۆر کاریگەربوون، کۆمەڵە ڕابەرێکی گەورەی وەك گاندی و جەواهر لال نەهرۆی هەبووە، ئەم کەسانە لەقۆناغێك لە قۆناغەکاندا گەرەترین هێزی خۆی لەو خەیاڵگە کۆمەڵایەتیەوە وەرگرتوە کە هەبووە، گاندی خۆی تا ئەوپەڕ تەقدیسی زۆرێك لەشتە پیرۆزەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کردوەو تا ئەوپەڕ پابەندی نواندووە بەداب و نەریتەکانەوە تا بە قۆناغبەندی توانیویەتی کۆمەڵگا ئاراستە بکات بەرەو مەبەستەکانی خۆی، لەپاش خۆشی ئەو خەیاڵگە کۆمەڵایەتیە وایکردووە کە ڕێزو پایە بڵندیەك بۆ نەوەکانی بگوازێتەوە وەك ئەندێراگاندی و راجیف گاندی، لەوێ دەستەبژێرێکی سیاسی ڕۆشنبیر لە دەسەڵاتدا هەبووە تا ئاستێکی باش کاری کردووە بەڵام ئایا لەوڵاتی ئێمەدا ئەو دەستە بژێرە بەو هێزە هەبووەو ئەو گەشەکردنە سروشتییە هەبووە!

مەولود باوەمراد:– ڕاستە گاندی و جەواهیر لای نەهرۆ کەسانێکی کاریگەر بون، بەڵام ئەمە هیچ لەو هاوکێشەیە ناگۆڕێت کە دەبێت دەوڵەت ئیرادەیەکی تەواوی هەبێت لەسەر بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگا، چونکە دەوڵەت لایەنی بەهێزە لەم گەمەیەدا....

صەبور سەیوانی:– هێندە باسکردن لە دەوڵەت پێت وانیە زیاتر وا دەگەیەنێت کە دەوڵەت تەحەکومی بێت؟!

مەولود باوەمراد:– نەخێر، مەبەستم لەوەنیە دەوڵەت تەحەکومی بێت، بەڵکو دەوڵەت دەست لەشتەکان شل بکات بۆ ئەوەی خەڵك بە ئیرادەی ئازادی خۆیان کۆمەڵە دروست بکەن، بە سروشت هەندێك داب و نەریت و وێناکردن دەگۆڕێت، ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەماوەی ئەم دەساڵەدا چەندان داب و نەریت گۆڕاوە، ئێستا هیچ یەك لەم نەوە نوێیە باسەکانی سەردەمی بەعس نازانێ، چونکە پەیتا پەیتا گۆڕان بووە، واتە ئەگەر دەوڵەت بەپێی ئەو دەسەڵاتە

سیاسی و مادیو راگەیاندنو عەسکەریو ئاسایش پارێزیەی کەهەیەتی ڕێگا بدات کە کۆمەڵگا بۆ خۆی هەناسەی خۆی بدات، ڕێگا بدات کەوا هەموو چینو توێژێك کاری خۆی بکات، تەنانەت خەڵکی خێڵ ڕێگایان پێ بدرێت کە دامەزراوو کۆمەڵەی خۆیان هەبێتو کار بکات تا لە کەناردا نەوەستێ، با خەیاڵگەی کۆمەڵایەتیشی بخاتە کارو بێتە نێو کۆمەڵگاو چواچێوەی یاساوە، با بواری پێ بدات و گەشەی پێ بداتو لەهەندێباردا تەمێی بکات، پاشتر ئەو دابو نەریتانە خۆیان دەگۆڕێن، بەڵام ئێمە بوەستین تاوەکو بزانین تاکەی تاکی خێڵ بۆ خۆی دەگۆڕێت ئەمە نەشیاوە...

صەبور سەیوانی:- مەبەستی من ئەوەیە، ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە حیزب بە هێز ترینو سەرەکیترین ئۆرگانە تێیداو بەتەنها خۆی شتەکان دیاری دەکاتو ئاراستەکانی دیاری دەکات، لێرە حیزب تەنها ڕەوایەتی بۆ ئەو دامەزراوو داموو دەزگایانە دەبینێ کە خۆی دیاری کردووە، ڕەوایەتی بە کۆمەڵەکانی تر نابینێ ئەگەر چی هێزی کۆمەڵایەتیش بن، ئایا ئەم حاڵەتە زەمینە سازی بۆ بەرپابوونی کۆمەڵگای مەدەنی؟

مەولود باوەمراد:- نەخێر، ئێمە باسمان لە چەندان لەمپەرکرد لەوانە کزی ڕۆڵی دەستەبژێرەکان،لەمپەری خەیاڵگەی کۆمەلایەتی، گەشەنەکردنی بواری ئابوریو هتد..، بەڵام بەراستی لەمپەری راستەقینە دەوڵەتە، دامو دزگاکانی دەسەڵاتی سیاسیە، کۆمەڵگای مەدەنی ئەوکاتە بەر قەرار دەبێت کەبوار بە هەموو هێزەکان بدات، دەسەڵاتی سیاسی خۆی زۆر جار دەبێتە لەمپەر، ئێمە لەشەڕی ناوخۆدا چیمان ژیاندەوە؟ مەگەر هەر عەقڵی بزافی ڕزگاریخواز کورد نەبوو کە عەقڵی خێڵی جارێکی تر ژیاندەوە ، لەپێناوی ئەوەدا کە کام جەولە بیباتەوە کام جەولە بدۆڕێت!، مەگەر ئێستا لە پێناوی بەدەستهێنای دەنگی زیاتر بۆ هەڵبژاردن نی‌یە کە سەڵاوات بەسەر ئەو هۆزو ئەو خێڵدا دەدەین جارێکی تر وەك د. دلێر ئامازەی پێکرد بوار نادەین کە تاك خودی خۆی بەرجەستە بکات، مەگەر تاك پیرۆز نیە، دەقە قورئانیە پیرۆزەکانی وەك ( ولاتزر وازرة - وزر أخرى)ء (كل نفس بما كسبت رهينه) نەهاتووە، واتە تاك بۆ خۆی گەورەیە، کەواتە ئەگەر دەوڵەت خۆی ویستی هەبێت دەتوانێ ئەوکارە سەرەکیە بکات...

د. ڕەشاد میران:- راستە دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بۆ نمونە قەیسەری گەورەی ڕوسیا کە ئیمپراتۆریەتی ڕوسی دامەزراند - ڕەنگە بەراوردەکەش تەواو نەبێت- بە ڕەسمیو بە دەست خستنە نێو ژیانی کۆمەڵگای ڕوسیەوە زۆرێك لەنەریتەکانی کۆمەڵگای ڕوسی گۆڕی وەك ئەوەی بڕیاریدا هەموو پیاو ماقوڵو بورژوازیە ڕوسەکان کە ریشیان لەسەر نەریتی سەدەکان ناوە راست درێژ دەکردەوە بڕیاریدا بیتاشن، بڕیاریدا بەیانیان هەموو قاوە بخۆنەوە کە پێشتر نەیاندەخواردەوە، جلو بەرگی پێ گۆڕین، من ناڵێم دەسەڵات تەحەکومی بێت، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە دەوڵەت دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕاندا ببینێ، بەڵام ئەگەر دەوڵەت سازش بنوێنی بۆ فلان کەس لەبەر ئەوەی سەر بە فلان خێڵەیان فلان هۆزە ئەوا گۆڕانکاری ڕونادەدات، بەداخەوە لە ئێستادا هەست دەکرێ کە هەندێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، وەك پەیوەندیە خێڵەکیەکان کە بەرەو کزی دەڕۆشتن، بەڵام حیزبە سیاسیەکانمان دوبارە ئەو پەیوەندیانە دەبوژێننەوە،

صەبور سەیوانی:- چەمکی هاوڵاتی یەکێکە لە چەمکە دیارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەو واتایەی هاوڵاتیان لەبەردەم یاساکاندا یەکسان بن، لەبەردەم ئەرك و مافەکاندا یەکسان بن، تەنها ئەوەی جیایان بکاتەوە هاوڵاتی بوون بێت، دەبینین ئەوەی کە لە کوردستاندا هەیە بەداخەوە لای حزبەکان و بەتایبەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان بارودۆخێکی وا خوڵقاوە کە مەفهومی هاوڵاتی بوون بە کرزی دەردەکەوێت، هەست دەکەین کۆمەڵێك چەمکی ترجیحی گرتۆتەوە وەکو چەمکی ئەندام بوون لە حیزبەکاندا، تۆکاتێك شانسی ژیانت هەیە، ئەو کاتەی بواری ئەوەت هەیە دەرگاکانی ژیانت بۆ بکرێتەوە، کە تۆ ئەندام بیت لەو حیزبانە، قسەمان لەسەر ئەوەیە ئایا ئەو حاڵەتەی ئێستا تیایدا دەژین کە چەمکی هاوولاتی بوون وەکو پێویست بوونی نیە، ئایا ئەوەتا چەندێك دەبێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم کۆمەڵگای مەدەنیدا؟!

مەولود باوەمراد:- سەرەتا هاوڵاتی ئینتیمای مرۆڤە بۆ کۆمەڵێك لە چوارچێوەی بەر فراوان و گەورەو گشتگیر کە گەورەترە لە هەموو ئینتمایەکی حیزبی و مەزهەبی و ئینتمای خێڵەکی، مرۆڤ ئینتمای بۆ ئەو ئینتما گەورانە دەکات، دەیکاتە مەرجەعیەت بۆخۆی، کاتێك بۆ نمونە من دەڵێم کوردستانیم ئەوە مەرجعیەتێکی گەورەیە، کەواتە لێرەدا هاوڵاتی تەنها یەك مەرجەعیەتی نیە، بەڵکو کۆمەڵێك شت مەرجعیەتی کە دەکاتە ناسنامەی مرۆڤ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە توانیمان تەجاوزی مەزهەبیەت و خێڵ و ئینتماکانی حیزبیەت بکەین لەسەروی ئەمانەوە سەیری هاوولاتی بکەین، ئەوکاتە کەرامەتی دەپارێزین و مافەکانی دەپارێزین، ئەویش شعور بەئینتمایەکی بەهێزتر بۆ کۆمەڵگاکە دەکات،. لەبەر ئەوە من بۆچی کەمتر خۆم بەتاکێکی عێراقی دەزانم و زیاتر خۆم بەکوردستانی دەزانم، چونکە ئەوەندە کەرامەتم تێکشکێنراوە، ئەوەندە من نامۆ بووم، ئەوەندە بەهاو نرخم بۆ دانەنراوە، ئەوەندە لەئینتماکانی عەرەبیدا حیسابم بۆ نەکراوە، ئەوەندە عێراق مەرکەزی ئۆمەی عەرەبی بووەو منی تیا نەخوێنراوەتەوە، لەبەر ئەوە من هەست ناکەم بە ئینتمایەکی ویژدانی و رۆحی بۆ مەرجەعێکی گەورەتر لە مەرجەعی خێڵگەری و حیزبیەت، لەبەرئەوە سەیر دەکەین ئینتماشم نەماوە، بۆیە توشی غوربەتی ئینتما بووم، تووشی جۆرێك لەوێڵی و سەرگەردانی و جۆرێك لە بێ وەلائیم بۆ نیشتمان و ئەو نەتەوەیەی کە ناوی عێراقە بووم، بۆ؟ لەبەرئەوەی تۆخبونەوەی ئینتماکانی سەرو ئینتمای هاونیشتمانیم بەهێزتر بووە، بۆیە ئێستا من بۆ خۆم وەك کەسێکی ئیسلامی پێم وایە کەوا ئینتماکانی هاوڵاتی لەسەروو ئینتمای ئاینیشەوەیە، چونکە ئەوە مرۆڤە کۆمەڵێك ماف و ئەرکی هەیە کە لە سەرو ئەوەوەیە کە ئیسلامە، کافرە، گاورە، جولەکەیە، ئەگەر ئێمە توانیمان ئەو چوارچێوە تەسکانەی کە مەزهەب فەرزی دەکات، کە ئینتماکانی حیزبی فەرزی دەکات، کە خێڵ فەرزی دەکات، ئەگەر توانیمان ئەو ئینتما تەسکانە بشکێنین ئەوکاتە دەتوانین هاوڵاتیەکی باش بەرهەم بهێنین، ئەوکاتەی دانمان بەمافەکانیاندا دەتوانین داوای ئەرکەکانیشیان لێبکەین، لە کوردستاندا بەراستی توانیومانە- کە ئەوە توانینێکی سەلبیە - کوردبونمان تەفکیك بکەین کە دەبوو تەفکیکمان نەکردایە دەبوو کەسمان موناقەشەی کوردبوونی خۆمانمان نەکردایە، کەسمان موناقەشەی کوردستانی بوونی خۆمانمان نەکردایە،

کەچی بە داخەوە ئەوە کەوتۆتە بەر کۆمەڵێك موزایەداتی حزبیو سیاسیەوە، من رەنگە پێش ئەو تەوەرە کەوتبم کە ئینتمای حزبی کارێکی وایکردووە کە ئێمە تەقلیدی ئەو ڕژێمە بکەین کە چەندان ساڵە دژی وەستاوینو نەعلەتمان لێکردووەو بەخراپمان زانیوەو دژایەتیمان کردووە، ئێستا سەرلەنوێ بەعەقڵیەتە حزبی ییەکەو وبە ئینتما خێڵەکیەکەوە تەنانەت بە ئینتما مەزهەبیو دینیەکە ئەمانەوێ جارێکی تر مرۆڤ لە کۆمەڵێك قاوغی بچکۆلە بچکۆلە بخزێنین وای لێبکەین شعور بە هاولاتی بوون نەکات، چونکە ئەگەر ئێمە هەموو بڕوامان وابوو کە هەموو کوردینو کوردی بوونو کوردستانی بوونمان قابیلی بەش بەش کردن نیە، منو بەرامبەرەکەم ئینتماکانی حیزبایەتی لە نێوانماندا ناخوێنینەوەو ئینتمای ئەوە دەخوێنینەوە کە هەموومان کوردینو کوردستانین، لەبەر ئەوە بەڵی ئەوە لەمپەرێکی گەورەیەو ئومێدم وایە ئەو مەسەلەیە تێبپەرێنینو هاولاتیبوون دروشمی گەورەی هەموومان بێت، مەبەستم لە هاولاتی لەم چواچێوە کوردبوونو کوردستانی بوونە، مرۆڤ بوونە لە کوردستانێکدا کە چواچێوەی کوردستانەکە تورکمانی تیایە ئاشوری تیایە، ئینجا خوێندنەوەی هاولاتی بخەینە سەرو هەموو خوێندنەوەکانی تر بۆ نموونە ئێمە ئەگەر تەنها ئینتیمای حیزبی بخوێنینەوە لەمافی وەزیفەدا کە مافێکی بنەڕەتی هاوولاتیە، هاوولاتی کە کابرا ئیسلامی نیە مەسیحیە بابڕوا ئیش بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کابرا سۆرانی نیە بادینیە، بەراستی ئەم ئینتمایانە حەرامە، ئەم جۆرە خوێندنەوانە لەمپەڕی گەورەن لەبەردەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئەمانە پێچەوانەی تەبلیغی قورئانن، کە قورئان بە (ناس) قسە دەکات ( یا ایها الناس) ئینجا داوایی لەپۆلێنی تردا (یا ایها الذین امنوا) دەڵێت، چونکە لە مافەکاندا (ناس) هەیەو دەبێت دەوڵەت لەبەرامبەر مافی هەموو کەسێك دا هەبێ.

<u>د. رەشاد میران:</u>– ئێمە جارێکی تریش دێینەوە سەر بابەتی هوشیاری کۆمەڵایەتیو ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ئێمە ئەگەر هۆشیاریەکی وامان هەبوایە کە لە ئاستێکی شیاوی پێشکەوتودا بوایە ئەوا نەوەکانمان بەو جۆرە نەدەبون، بەداخەوە ئێمە هێشتا مەعریفەی زانستی تازە هەوڵ دەدات جێگەی خۆی بکاتەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، تەنها مەعریفەی گشتی و مەعریفەی رۆحی لە ولاتی ئێمە دازاڵە، بەراستی ئەوە واقعێکە دەبێت دانی پیا بنێینو ئەم دوو جۆر مەعریفەیەش هوشیارێکی وا فراوان دروست ناکات بۆ خەڵك کەبتوانێ شتەکان وەکو خۆی بخوێنێتەوە، بە جۆرێك کە زۆر هەرەمەکیانە شت لێك نەداتەوە، بەڵکو ناوەرۆكو حەقیقەتی دیاردەو ڕوداوەکانو هەموو شتەکان بخوێنێتەوە، دیاردەی حیزبایەتی وەکو خۆت ئامارژەت پێکرد دیاردەیەکی کۆمەڵگای مەدەنیەو دەتوانێ ڕۆڵی زۆر ئیجابی ببینێت ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی راست بەکارهات، ئەگەر هاتوو زۆر موبالەغە نەکرا لە ڕۆڵو وتواناکانی ئەو حزبە، جا ئێمە بە حوکمی ئەو مەعریفە گشتیو سادەییەی هەمانە لە راستیدا هەر ئەمەندە دەتوانین رۆڵی حیزبو تاکە کەس ببینین، کەواتە دیسان بەربەستەکە لە هوشیاری کۆمەڵایەتی ئێمەدایە کە تیایدا مەعریفەی گشتی (عام) واتە هەرەمەکی تیا زاڵە، بێگومان ئەمەش تەگەرەیەکە لەبەردەم کۆمەڵگای مەدەنیدا.

د. دلێر شاوەیس:- راستە لە  ولاتی ئێمەدا چەمکی هاوڵاتی لاوازە، پێم وایە هۆکاری ئەم دیاردەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆشیاری نەتەوایەتی ئێمەو ئینتمامان بۆ نەتەوە لاواز بووە.

صەبور سەیوانی:- بەڵام بەڕێزتان پێتان وانیە کە هۆکارێکی سەرەکی لاوازبوونی  هۆشیاری نەتەوەیی ئەوەیە کە چەمکی هاوڵاتی ئامادە نییە، واتە تاکی کورد هەست ناکات ئینتمای بۆ نەتەوە مافەسروشتییەکانی بۆ دابین دەکات، بەڵکو پۆلین بەندیەکیتر ئەو مافانەی بۆ دەستە بەر دەکات کە بریتین لە حیزبو دامو دەزگاکانی، واتە لاوازبوونی هۆشیاریە کە ئەنجامە نەك هۆکار...

د. دلێر شاوەیس:- یەکێك لە هۆکاری ئەوەی ئەو هۆشیاری ئینتمایە لای من دروست ببێت، بریتییە لەبەرژەوەندی من لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا، لەبەر دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئێمە ئەو بەرژەوەندییە تەواو دروست نەبووەو نەخەملیوە، ئیتر ئەو بەرژەوەندیە لە دارشتەی نەتەوایەتیدا بێت یان چینایەتی بان حیزب دا بێت، من بەرژەوەندیم زیاتر لەگەڵ خێڵەکەمدایە لەگەڵ بنەماڵەکەمدایە بۆیە من بە  بنەماڵەو خێڵەکەمەوە دەلکێم، لەکۆمەڵگای مەدەنیدا حیزب دامو دەزگایەکی پێشکەوتووە، حیزبەکان لەلای ئێمەی بەهۆی دواکەوتنی باری ئابوریو کۆمەلأیەتیەکەوە ئەوانیش لە بارو دۆخێکی دواکەوتوودان، لەبەر ئەوە ئێمە تەنانەت ئینتماکانیشمان تێکەلاو بووە، پێویست وایە ئێمە حزب وەك میکانیزمێك سەیر کەین کە ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵە بەرنامەیەکی نیشتمانی یان نەتەوایەتی یا چینایەتی، بەلأم ئێمە ئینتما حیزبایەتیەکە بە لە پێشتر دەبیننن لە  خودی ئەو بەرنامەو ئامانجانەی کە کاری بۆ دەکات، پێش ئەوەی کورد بیتو خاوەنی ئاینو بیرو باوەڕێك بیت ئینتمات  بۆ حزبێك هەیە، لەناو حزبەکەشدا ئینتمات بۆ سەرکردەیە بە پلەی یەکەم، ئەمە خۆی لەخۆیدا شێواندنێکە لە دامو دەزگا کۆمەلأیەتیەکانی، ئێمەدا هەیە، ئەو شیواندنە بەشێکی سەرەکی بۆ دواکەوتوویی باری ئابویو کۆمەلایەتی ئێمە دەگەڕێتەوەو لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئێمەدا رەنگی داوەتەوە.

مەولود باوەمراد:- د. دلێر ئامازەی  بەشتێکی گرنگ کرد، کە پوختەکەی ئەوەیە کە تاکی کورد لە رێگەی حیزبەوە کوردایەتی دەبینێ، نەك لە رێگای کوردایەتیەوە حیزب ببینێت.  واتە بەمانایەکیتر خەڵك هێندەی بەرژەوەندی خۆی لە ناو حیزبدا دەبینێ، ئەوەندە بەرژەوەندیەکانی لەناو  ئینتما نەتەوایەتیەکەدا نابینێ، لەبەر ئەوە هەمیشە حیزب رێگایە بۆ نەتەوە نەك پێچەوانە، واتە من لە رێگای نەتەوەوە حیزبم نەناسیوە، بەڵکو من لەرێگای حیزبەوە بەتەواوی نەتەوەم ناسیوە!، بۆیە تارادەیەك ئاساییەکە کە  ئینتمام بۆ دایکی یەکەم کە حیزبە بەهێزتر بێت.

صەبور سەیوانی:- کەواتە پێم باشە ئەو وتە زایەی د. دلێر سەبارەت بە بەرژەوەندیەکان زیاتر لەسەری بوەستین، هەق وایە بپرسین بۆچی لەناو تاکی  کورددا هەستکردن بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکان لاوازە،  ئەمە پێچەوانەی زۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانو تەنانەت

زۆرێك لە وڵاتە دواکەوتووەکانیشە، باشە هەق وایە پرسیار بکەین بۆچی بەر لە راپەڕین خەڵك بەئاسانتر بەرژەوەندیەکانی خۆی دەبینیو هەستی بەمەترسی دەکرد لە رژێمو هاوبەش بوون لە بەرژەوەندیەکی بینراو کونکرێتیدا، بۆیە بەشداریان لە راپەڕیندا کرد، بۆچی پاش راپەڕین بینینی ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشە کز بوو؟

د. دلێر شاوەیس:– من پێم وانیە گیانی راپەرین لەلای خەڵکی کوردستان لاواز بووبێت، راستە لێرەو لەوێ جۆرە روشاندنێك رویداوە، پێم وایە پابەندبوونی خەڵك لەئێستادا کەمتر نییە لە جاران، راپەڕین خۆی لە خۆیدا قۆناغیکی گواستنەوە بوو، لە خۆیدا هەستێکی سایکۆلۆژی یان کۆمەڵایەتییان درووست کردووە کە دوو قۆناغی پێش راپەڕینو پاش راپەڕینی جیاکردەوە، ئەگەر جۆرە جیاکردنەوەیەکیش هەبێت بەڵام هەردوو قۆناغەکەش پەیوەندیەکی پتەویان هەیە.

صەبور سەیوانی:– بەڵام پێت وانیە هەستی نەتەوایەتی لاواز تر بووە.

د. دلێر شاوەیس:– من پێم وایە لە رووی چەندایەتیو وچۆنایەتیەوە گۆڕان ڕوویداوە، لە ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا خەڵکانێك ملکەچی داگیر کەرانو دژ بە بەمیللەت بن ئەمڕۆ زۆر کەمترن، ئەمڕۆ لە ئەنجامی راپەریندا نەوەیەك درووست بووە شارەزایی لەگەڵ زوڵمو زۆرو داگیر کاریدا نییەو ناتوانێت بە ئاسانی ئەو لۆژیکە پەسەند بکات.

صەبور سەیوانی:– بەڵام پێت وانیە ئەو نەوەیە ، لە ئێستادا دووچاری بێباکیەکی گەورە بووە، بێباکە لەئاست هەموو ئەو رەمزە پیرۆزانەی کە پێش راپەڕین هەبوون، د. رەشاد رەخنەی لەوە گرت کە خۆمان بەئەزموون ناو دەبەین، بەڵام بەراستی تائێستا بەشێك لە کێشەکانمان هەرماوە و پێویستیمان بە چەمکی کوردایەتیو خەباتکردن هەیە، ئەگەر چی جۆری کارو خەبات لە ئێستادا لە شێوەی دامەزراوەدا بێتو گۆڕابێت.

د. دلێر شاوەیس:– پێم وانیە لای نەوەی نوێ لە ئێستادا هەندێك چەمك نەما بێتو ئەوە کێشە بێت، بەڵکو هاوکات چەندان چەمكو تێڕوانینی جوان رەنگە لەم نەتەوەیەدا زیاتر بێت لە نەوەی رابردوو، بەلام من نکوڵی لەوە ناکەم لە ئەنجامی هەڵەی هێزە سیاسیەکان و دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی کەرتکردنی ئەو دەسەڵاتەو پارێزگاری نەکردنی ڕیزی هێزە کوردیەکان کێشەی گەورەی درووست کردبێت.

صەبور سەیوانی:– کە دەڵێین بەرژەوەندی هاوبەش تەنها مەبەستمان بواری نەتەوایەتی نییە، بەڵکو واتایەکی فراوانترمان مەبەستە، دیارە لە ئێستادا چەندان سەندیکاو نەقابەو دمەزراوەی جۆر بەجۆر هەیە، هەریەکە بەرژەوەندیەکی هاوبەشی خۆیان هەیە، مافو داخوازی هەیە، بەڵام بۆچی نەمانینی ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشانە بێتە پاڵنەرێك بۆ جوڵەی ئەو دامەزراوانە، بۆچی ڕێپێوانێکی هێمنانە نەکرا، بۆچی چالاکیەکی مەدەنی راستە قینە ڕووینەدا...

د. رەشاد میران:– سەرەتا من پێم وایە ناکرێ بەرژەوەندی گشتی نەبێت، چونکە بەپێی هەندێ پێناسەی کۆمەڵناسەکان ناتوانین خۆمان بە کۆمەڵگا ناوزەد بکەین، بۆیە ئەو

بەرژەوەندیە هەیە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نیە، ئەمە بوارێکی ترە، لێرەوە ناچارم بچمەوە سە رباسی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو رۆڵی دەستە بژێر کە پێشتر باسمان کرد، دەستە بژێر لەکۆمەڵگای ئێمەدا توانای فێرکردنو گواستنەوەی چەمکەکانی. بۆ نەوەکانی تر نییە، من لە گەڵتدا هاوڕام کە نەوەی ئێستا بە راستی دوورە لە رۆحی کوردایەتی، لە کاتێکدا دەبوایە ئەو حزبو دەستەبژێرانە خەڵکێك ئامادە بکەن بۆ قۆناغی ئێستا ، کەمن پێم وایە قۆناغێکی زۆر ناسکترە لە پێش راپەرین، چونکە ئێستا قۆناغی بنیادنانەو لەبەردەم ئەگەری گەورەترو لێپرسراوێتی گەورەتردا ین، ئێستا نەوەیەك هەیە کە زۆر مادیانە بیر دەکاتەوەو بیر لە چوونە دەرەوە دەکاتەوەو تەنها بەرژەوەندیە تایبەتیەکان دەبینێ.

مەولود باوەمراد:- وەك وتمان کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك پێگەی مادیو مەعنەوی هەیە، پێگە مادیەکان بریتیـیە لەو دامەزراوو دامو دەزگایانەی کە دائەمەزرێتو کار ئەکات بۆ خواستو ویستەکانی کۆمەڵگا، بەڵام لە بیرمان نەچێت بۆ پایەدار بوونو دامەزراندنو پێگرتنو کەوتنەڕێو بەردەوام بونی پێویستمان بە کۆمەڵە بەهایەك هەیە، لەوانە لێبوردەیی- رێزگرتنی بەرامبەر - خزمەتگوزاریبوون- باوەڕبوون بە جیاوازیو هتد، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەهۆی ئەو پێشینەی کە هەمانەو ئێمە هەموو خەباتمان تەنها لە پێناوی بوون دا بووە، خەڵکی تر خەباتی لە پێناو پێشکەوتنوشتەکانیتردا دەکات، بۆیە ئەو بەهایانە لەکۆمەڵگای مەدەنیدا پێویستە خەڵکی لەسەر رابهێنرێت، تاوەکو خەڵکێك ئامادەیی تێدا بێت کە بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ تۆدا رێك بخات، تا خەڵکێك ئامادەیی هەبێت هاوشانی بەرژەوەندیەکانی خۆی بەرژەوەندیەکانی تۆش بخوێنێتەوە، ئەگەر بەنمونە ئەندازیارێك بەرژەوەندیەکانی خۆی لە پاڵ حزبێکدا بێتە دی ناچار نیە کە بەژەوەندیەکانی بخاتە پاڵی ئەندازیارێکی ترەوە، لەبەرئەوە پێویستە کۆمەڵە بەهایەك گەشەبکات تا کۆمەڵگای مەدەنی درووست ببێت. سەبارەت بە سەردەمی پێش راپەرینو پاش راپەرین پێم وایە لەسەردەمی پێش راپەریندا شیعرو ئەدەبیاتی ئێمە بەتایبەت ئەدەبیاتی شاخ- هەمیشە پێشمەرگەی بەروبار - سەوزایی، هتد...

دەشوبهاند، کەواتە لە پێش راپەریندا بەرژەوەندیەکان رونتر بونو هەموو جەماوەر بەرەو ئەو بەرژەوەندیە دەچوو، بۆیە نەیدەتوانی ئەو بەرژەوەندیە پەرت بکات، بەڵام دواتر بەژەوەندیەکان پەرت پەرت بوون. خاڵی دووەم ئەوەیە کە هەموو شۆڕشێك هەڵگری چەندان خەونی خۆشی ئایندەیە، بۆیە هەموو کۆمەڵانی خەڵك بەو خەونانەوە روبەڕووی راپەرین دەبوونەوە، ئەمە یۆتۆپیای شۆرشە، ئەمەش لەخۆیدا جیاوازیەك لە نێوان خەیاڵو واقعدا درووست دەکات، لێرەوە مەرج نیە بەو ئاستە رۆحیو هاونیشتمانیو نەتەوەیی تر بووبێت، ئەوەی کە ئەو رۆحەی کزکرد شەڕی ناوخۆ بوو، شەڕی ناوخۆ گەورەترین خەنجەر بوو کە لە کۆمەڵگای کوردی درا..

صەبور سەیوانی:- گەر سەیری عەقڵی کوردی بکەین بە درێژایی مێژو، دەبینی کەسێتی کوردی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لە زۆر باردا پەنای بۆ توندو تیژی بردووە، لێرەوە کۆمەڵگای کوردی کەمتر کولتورێکی ئاشتی هەبوە، پێشم وایە نەبوونی ئەم کەلتوورە بوو

کەزۆرترین مەرگەساتە ناوخۆییەکانی خولْقاندوە، لەوانەش شەڕی ناوخۆ، تاکی کورد بە گشتی تاکێکی توندو تیژە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین کولتوری ئاشتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دروست بکەین؟

د. دلێر شاوەیس:– من پێم وا نیە کورد میللەتێکی توندو زبرو ئاشتی پەروەر نەبوو بێت هەمیشە لە مێژوودا هەوڵیدابێت لە ڕێگای توندو تیژیەوە کێشەکانی یەکلایی بکاتەوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد هەمیشە دەستی ئاشتیو ئاشتیخوازانەی درێژ کردووەو داوای کردووە بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەری مەسەلەکان بکرێت، ئێمە مێژوویەکی دووردرێژمان لەباشوری کوردستان یان بڵێن کوردستانی عێراقدا هەیە، هەر لە پاش جەنگی جیهانییەکەمەوە بەلکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە ئێمە مێژوویەکی دەست درێژ کردنمان هەیەبۆ ئاشتی، بەلاّم بەداخەوە هەمیشە بەرامبەرەکانمان ئەو دەستەی زۆر بە توندو تیژیەوە بڕیوەتەوە، کوردیش ناچار بووە بەرگری لەخۆی بکات.

صەبور سەیوانی:– ئەوە لەو بوارەدا لەگەڵتدا هاورام، بەلا م شەڕی ناوخۆ پێت وانیە بەرهەمێکی سروشتی کولتوری شەرەنگێزییە لەناوکورددا؟

د. دلێر شاوەیس: گەر بوارم بدەیتێ، جگە لەوە گەر کورد لە هەندێ قۆناغی مێژوویشدا لەسەر خاکی میللەتانی تر کوژرابێت، ئەوا لە کاتێکدا بووە کە بەرگری لە بوونی دەرو دراوسێی کردووە، یان لەسەنگەری بەرگریکردندا بووە لە خاكو ئاوو ناموسی خۆیدا، کەواتە کورد بە سرووشت ئاشتیخوازەو توانیویەتی لەگەڵ میللەتانی دراوسێدا بژیو باوەڕی بە جیاوازی هەبوە، کوردستان هەمیشە بۆتە لانکەو پەناگەیەك بۆ کەمە نەتەوایەتیەکان، ئەرمەن لێی قەوماوە پەنای هێناوە بۆ کوردستان، ئاشوری لێی قەوماوە پەنای بۆ کوردستان هێناوە، عەرەب لێی قەوماوە پەنای هێناوە بۆ کوردستان، تەنانەت لەم وشکە ساڵیانەدا خێڵە عەرەبەکان بۆ بەخێو کردنی مەڕو ماڵاتەکانیان پەنا دەهێنن بۆ کوردستان، ڕاستە کێشەی ناوخۆیی لە ولاّتی ئێمەدا سەری هەڵداوە وەکو هەموو بزوتنەوەیەکی رزگاریخووازی ولاتانی ژێر دەستە، پاش ڕاپەڕین ململانێیەك هاتە کایەوە– ململانێ بە مانای پۆزەتیفەکەی مەبەستە – کە شێوازێکی تری لەخۆگرتوو جیاواز بوو لەململانێی پێش ڕاپەڕین من ناڵێم ئەم ململانێیە دەبوایە بەچەك چارەسەر بکرایە، نەخێر من دژی بە کارهێنانی چەکم، بەلاّم ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی ئەو ململانێیەیە، ئەمە ئەوەناگەیێنێت کە ئێمە میللەتێکی ئاشتیخواز نین و هەمیشە پەنا بۆ چەك دەبەین، جگە لەوە ئەوە ململانێیە لەسەر دەسەلاّت، لەهەموو ولاّتانی دونیاشدا ئەمە هەیە، ئەمەش تا ڕادەیەك جۆرە برین و ڕوشاندنێکی لە هەستی نەتەوایەتیماندا درووست کردووە.

صەبور سەیوانی:– پێم وایە لە لێدوان لەسەر ئەم تەوەرەدا هەق وایە باس لەسەرچاوە پێکهێنەرەکانی کولتوری کۆمەڵگا بکەین، دەمەزراوە کۆمەڵایەکانی وەك خێزان و قوتابخانەو بوارەکانی تر کە ڕۆڵیان لە دروستکردنی کولتوری تاکدا هەیە بخەینە بەرباس...

د. رەشاد میران:– پێم وایە ئاشتی پێویستە فێر بکرێین، ئێمە وەك زۆرێك لە کۆمەڵگایانی دونیا سەر بە یاسایەکی باوکسالارین، یاسای باوکسالاریش مرۆڤی ئازا و بەهێزو توندو تیژ دروست دەکات، ئێمە لەناو خێزاندا منداڵێك پێدەگەیەنین کە ئازا بێت، لەم پرۆسەشدا وەك زۆربەی پرۆسەکانی تر ئێمە زیادەڕۆیی تێدا دەکەین، بۆیە دەبێتە دڕندە، ئەگەر کوڕەکەت بێتەوە بەگریانەوە بڵێت لێیانداوم تۆش لێیدەدەیت کە بۆچی ئەمیش لێی نەداوە! ئەمەش زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێنێ بۆ پێگەیاندنی خەڵکی توندڕەو، ئەمە بەو واتایە نیە کە ئێمە میللەتێکی شەڕخوازین، بەڵام مامەڵەمان لەگەڵ یەکدیدا توندوتیژە، ئێمە زۆر جار لە ژیانی ڕۆژانەدا لەسەر شتی زۆر سادە ڕووداوی گەورە دەخوڵقێنین، من لەسەردانێکمدا بۆ شاری تاران سەرنجم لەزۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەدا. لەگەڵ ئەوەدا کەیاسای هاتوچۆش زۆر توندو نیيە، بەڵام هەرگیز نەمبینی دوو شۆفێر لە ئۆتۆمبێلەکە یان بێنە خوارەوە بۆ یەکتر، یان کێشەیەك ڕوبدات، بەڵام لای ئێمە ڕۆژانە چەندان دیاردەی لەو جۆرە ڕوودەدات!، هۆکاری تر زۆرە، بەڵام دوبارە پێم وایە لەگەڵ ئەو کولتورەشدا شەرخوازنین و هێندە دڕندەش نین...

مەولود باوەمراد:– من پێم وایە لە مێژوویەکی کۆنەوە، بەلایەنی کەمەوە لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە تا ئێستا ئێمە لە بارودۆخێکی نا هاسەنگدا بووین، یان ناچار بووین خەڵك ڕاو بنێین یان خەڵك ئێمەی ڕاو دوناوە، لەبەر ئەوە ئەم هاوکێشەیەش، پێویستی بە جۆرێك لە مرۆڤی توندوتیژو زبر هەیە، چونکە مرۆڤی ساردو خاو ناتوانێ بەرگری لەخۆیبکات، هەروەها توانای هەڵنانی بۆ بەرامبەرەکەی نیيە، جگە لەو پەروەردە باوکسالاریانەی ئێمە کە د. رەشاد باسی کرد، ئەمە بەشێکیەتی، بەشێکی تری ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە فێر کراوین کە بەهێزی خۆمان یاسا بشکێنین، یاسا لە وڵاتی ئێمەدا بەشێوەیەك بووە کە ڕژێمەکان هەمیشە وایان ڕاهێناوین کە تۆ ئینتمات هەبێت بۆ حکومەت دواتر هەموو یاساکان لە خزمەتی تۆدا دەبن، لێرەوە بەرەی میللەتیش ناتوانێت گوێ لە یاسا بگرێت، بەم پێیەش هەردوو بەرەکە، چ ئەوانەی لە پاڵ دەسەلاتدان، چ ئەوانەش کە لەبەرەی مییللەتدان هەردوولا لەسەر سایکۆلۆژیای یاسا شکاندن پەروەردە دەبن! وێرای ئەمەش دوای ڕاپەڕین تائەمرۆش زیاتر ڕۆڵ ڕۆڵی چەکدارو بەهێزەودوا قسە ئەو دەیکات، دوا بڕیار ئەو دەیدات، چونکە تا ئێستا بازرگانانی چەك لە وڵاتی ئێمەدا ڕۆڵیان هەیە، تا ئێستا خەڵکی هەلپەرستو بەژەوەندیخواز هەرماوەو، هەر ئەمەشە زۆر جار دەبێتە ڕیگر لەبەردەم گەشەکردنی هۆشیاری کۆمەلایتیدا وەك د. رەشاد باسی کرد، هاوکات هەر ئەمەشە ڕۆلی دەستە بژێر کەم دەکاتەوە وەك د. دلێر ئاماژەی پێکرد، لە ئێستادا لۆژێکی چەك هەموو پانتاییەکانی داگیرکردووە، ئەو لۆژیکە بەسوکی سەیری هەموو دەستە بژێرێك دەکات کە هێزی نەبێت، بەڵکو زۆر بەکەمیو سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو حیزبانەش دەکات کە چەکی نیيەو میلیشیای نیە، بەڵکو زۆر جار بە ئەندامی ئەو حیزبە بێ میلیشیانەش دەوترێ کە ئێوە حیزب ناتوانێ بە چەك بتانپارێزێ بۆچی حیزبایەتی دەکەن!!

لۆژیکی هێز تا ئێستاش جەوهەری دەسەڵاتی سیاسی ئێمەی پێکهێناوە ، بەڵکو تائەمرۆش رێزی ئەو خەڵکانە دەگیرێت کە رۆژێك بووە چەکی هەڵگرتووەو کۆمەڵە خەڵکێکی لە دەور بووە، لەبەرامبەردا وەك پێویست رێز لە خەڵکی رۆشنبیر ناگیرێت، گەلی ئێمە رۆشنبیری زۆری تێدایە، بەراستی خەڵکی کوردستان گەر بەراورد بکرێت بە هەر ولاتێك لەولاتانی جیهانی سێیەم یەکێکە لە ولاتە باشەکان، خەڵکی خاوەن بڕوانامەو رۆشنبیری زۆری تێدایە ، بەلام ئەمانە رۆڵیان نییە چونکە لۆژیکی میلیشیا تا ئێستا لای ئێمە لە هەموو لۆژیکەکانیتر بەهێز ترە.

صەبور سەیوانی:– با بێینە سەر رۆڵی ئایین لەکۆمەڵگای دمەدەنیدا، ئایا لەکۆمەڵگای ئێمەدا کە تاکەکانی بەپلەی یەکەم کاریگەرن بە کولتوری ئاینیو رۆحی دەکرێت ئاین رۆڵێکی پۆزەتیف بگێڕێت لە بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردیدا، یان بە پێچەوانەوە رێگرە لەبەردەم کۆمەڵگای مەدەنیدا وەك هەندێ جار دەوترێت؟

مەولود باوەمراد:– سەبارەت بەوەی کە ئاین دەکرێت ببێتە رەگەزێکی پۆزەتیف ،. دەڵێم بەڵێ، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك بەهای هەیە ، ئەم بەهایانەش بەپەروەردەکردنو باوەڕبوون نەبێت بە پاداشتو سزا نایەتەدی، ئەگەر من باوەڕم بەوە نەبێت کە (تبسمك فی وجه اخیك صدقە)، ئەگەر باوەڕم بەوە نەبێت کە (تصدقوا ولو بشق تمرة) ئەوا هەرگیز ناتوانم پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەردا بکەمو بەرژەوەندیەکانمی لەگەڵدا یەکبخەم، کەواتە چەمکە مەعنەویەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستیان بە پەروەردەکردنی مرۆڤ لەسەریان هەیە، پێویستە ئامادەگی ئەوەی تێدا بێت خۆی فلان شتی بەرنەکەوێت بەلام بیدات بەبەرامبەرەکەی، ئەمەش لەمرۆڤێکدا نەبێت کە ریشکەی خواناسیو ئاین پەروەریو باوەڕ بوون بە قیامەت نەبێت بەشتی تر دروست نابێت– ئەمە قەناعەتی منە–، چونکە تەنها بیرکردنەوە لەبەرژەوەندی مادی ئەو بەهایانە دروست ناکات، دیارە من بەژەوەندی دەکەم بەدوو بەشەوە، بەرژەوەندی مادیو بەرژەوەندی مەعنەوی ئەمە بەشێکیەتی ، کەواتە بەڵێ ئاین دە توانێ بەو بەها مەعنەویانە تاك پەروەردە بکات لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی، بەلام بەدیوەکەی تردا ئاین رۆڵی نەگەتیڤیشی هەیە،هەر لەناو ئەم کۆمەڵگای ئێمەدا خەڵکێك هەیە کە ئایین پەروەرو ئیسلامییە کەچی دیموکراسیەت رەتدەکاتەوە!، خەڵکێك هەیە مافی مرۆڤ رەت دەکاتەوە، خەڵکێك هەیە ئیسلامییەو موسڵمانە بەلام بەهیچ شێوەیەك جیاوازی بیرورا پەسەند ناکات، ئەمە دیوە نەگەتیفەکەیە، کەواتە پێویستە ئێمە جیاوازی بکەین لەنێوان پرەنسیپەکانی ئاین(دین) و ئایینداری (تدین)دا کە بەمانای رەفتاری مرۆڤی ئاین پەروەر دێت، من پێم وایە زۆرێك لە رەفتارەکانی مرۆڤی ئاین پەروەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەفی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات، ئەمەش رەخنەیەکە پێویستە بگیرێت، چونکە من خۆم مونتەمیم بۆ ئیسلامو بۆ رەوتی ئیسلامی.

صەبور سەیوانی:– ببورە، لەزۆر باردا ئایین خۆی بە یەقین دەزانێت، لە زۆر باردا خۆی بە رەها دەزانێت، بۆیە بەئاسانی ناتوانێت بەرامبەر پەسەند بکات، لێرەوە وەك د. عەبدولکەریم سروش دەڵێت گەر بەراورد لە نێوان رۆحی سەردەمی کۆنو نوێدا بکەین، رۆحی سەردەمە

کۆنەکان رۆحی یەقینیاتە، بەلام رۆحی سەردەمە نوێیەکان رۆحی نەمانی یەقینیاتو بەرێژەیی بوونی حەقیقەتە، ئایا پێت وانیە لەم بارەدا ئاین دەبێتە رێگرێك لەبەردەم کۆمەڵگای مەدەنیدا؟

مەولود وباغوەمراد:– ئاین وەك خۆ یەقینە، بەلام ئایا مرۆڤەکان ئەم یەقینەیان چۆن وەرگرتوە ئەمە مەسەلەیەکە، ئەوەی کە بەرامبەریەتی و سوکایەتی بە ئاین دەکات ئەمە مافی مرۆڤی پێیشێل کردووە، کەواتە نابێت بیکات، بەڵام گەر کردی ئایا ئەبێت ئەم بەرپەرچدانەوەی چۆن بێت، ئایا بە قسەو دایالۆك وەڵام دەداتەوە، یان بەچەكو تفەنگو تەکفیر کردن، واتەئەوە تێگەیشتنی باوەڕدارەکە لە ئایین دیاری دەکات، واتە ئەمە حاڵەتە ئاینداریەکەیە نەك ئایین، رەفتاری ئاین پەروەرەکەیە کە ئەمە پەسەند ناکات نەك یەقینیاتیئاین، باشە ئەو هەمووە کە باس لە دادپەوەری‌و عەدالەتو ژیان لەسەر عەدل دامەزراوەو ئاسمانو زەوی لەسەر عەدڵو بەهەشتو دۆزەخ لەسەر عەدل و عەدل لەگەڵ ژنو ئەوەندەی کە عەدل لە قورئاندا باسکراوە بەڵام ئەم چەمکە چەندێك بەرجەستە بووە، کەواتە ئەوە گرنگە کە ئاین وەکو کۆمەڵە بەهایەك چەندێك لەرەفتاری مرۆڤەکەدا بەرجەستە دەبێت. وەگەر نا گەر ئێمە باس لە میسۆلۆژیای ئاین بکەین، ئاین یەقینیاتەو یەقینیش ناگۆڕێت پێم وایە لەئێستادا ئەمە لۆژیکی نیەو زەمەنی ئەم تێڕوانینەش بەرسەرچووە، پێم وایە لەئێستادا ئیسلامییەکان خەڵکی رۆشنبیرن، تێ دەگەن کە چۆن بەرامبەر قەناعەت پیێ بکەن.

د. رەشاد میران:– پێم وایە ئایین دیاردەیەکی پێویستە بۆ کۆمەڵگاو هەر هەشبووەو هەر دەشمێنێت، هەروەها لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانیشدا ئایین هەر رۆڵی خۆی هەیە، و دامو دەزگای تایبەتی خۆی هەیەو زۆریش کاریگەرو بە توانایە، چونکە ئایین مامەڵە لەگەڵ لایەنی رۆحی مرۆڤدا دەکات، هاوکات رۆڵی لەسەر کولتوری گەلان هەیە، وەك کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتوری عەرەبو گەلانی تری ئەم ناوچەیە، بەگشتی پێم وایە ئاین ئەگەر زیندوو و کاریگەر نەبوایە ئەوە هەر نەدەما، بەڵام ئەو دەزگا ئاینیانە لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکیتر دەگۆڕێت، هەروەها ئاستی ئاینداریەکەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، لێرەوە رۆڵی پۆزەتیفی ئایین لە ئەستۆی دامو دەزگا ئاینییە کاندایە، بە دڵنیایی ئەو دامودەزگایەی کە ئایین ناکاتە هۆکارێك بۆ چاککردنی ژیانی رۆژانەی خەڵك، ئەوا بێگومان ئاینەکە رۆڵێکی نەگەتیڤی دەبێت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەزگای ئاینی دەزگایەکی تەقلیدیەو لە زۆر باردا هەزاران ساڵە هەمان شت دەڵێتەوە، یان لە وتاری جومعەدا زۆر جار وتاری ساڵێك کۆکراوەتەوەو دەوترێتەوە! ئیتر بەلایەوە گرنگ نیە باسی چی دەکاتو چەندێك لەگەڵ بەژەوەندی خەڵکدایە، لە کاتێکدا دەتوانێت خەڵك هانبدات بۆ چەندان کاری مەدەنی، هەر هیچ نەبێت هاندانیان بۆ پاکردنەوەی سەر رێگای مزگەوتەکە، لێرەوە بێگومان ئەم هۆشیاریە ئاینییە دەبێت بە رێگر لە بەردەم کۆمەڵگای مەدەنیدا، لە وڵاتانی دونیاشدا دەزگا ئاینیەکان رۆڵ دەگێڕن، بەڵام لەوێ ئاینو دەسەڵات لەیەکتر جیاکراوەتەوە، دەوڵەت کاری خۆی دەکاتو دەزگا ئاینیەکانیش کاری خۆیان دەکەن.

بەکورتی ئەگەر بەرنامەکانی ئاین بگۆڕین بە ئاراستەیەك کە خزمەت بەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا بکات کە ئەمەش ئەرکیسەرەکی ئاینە، ئەوا ئاین دەتوانێت رۆڵی گەورە ببینێت،

د.دلێر شاوەیس:- بێگومان ئاین یەکێکە لە پێداویستییە رۆحییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لێرەوە کۆمەڵگایەك نابینرێت کە ئایین رۆڵی تێدا نەبینێ، سەبارەت بە کۆمەڵگای ئێمەش پێم وایە کولتوری ئاینی کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگاکەمان هەیە،تەنانەت ئەوانەش کەزۆر پابەندی ئاین نین، دوبارە ئاین لەسەر تێڕوانینو رەفتاری ئەوانیش کاریگەری هەیە.

صەبور سەیوانی:- ببورە، بەلام لە ئێستادا پرۆسەی بە دامەزراوە کردنی ئاین هەیە، ئێمە کۆمەڵە دامەزراوەیەکی ئاینیمان هەیە لە شێوەی حیزبو رێکخراوو دامەزراوەدا ئایا لەم بارەشدا دەکرێت رۆڵی پۆزەتیف بینێت، یاخود نا؟

د. دلێر شاوەیس:- من لە بناغەوە پێم وایە کە ئایین لە خۆیدا دامەزراوەیە، ئاین لەکۆنەوە دامەزراوەی خۆی هەیە، بەداخەوە کەمتر کاریگەر بوون، بەلام هێندەی من تێبینیم کردووە لە مەزهەبی شیعەدا ئەو دامەزراوانە زۆر کاریگەرتر رۆڵی خۆیان دەگێڕن، قوڵتر توانیویەتی کار لەسەر کۆمەڵگا بکات، بە هەر حاڵ ئایین بە دڵنیایی دەتوانێت لە ئایندەی کۆمەڵگای ئێمەدا رۆڵی بالا ببینێت، ئایین دەتوانێ لە پرۆسەی رزگار کردنی نەتەوایەتیدا رۆڵی گەورە ببینێت، دەتوانێ لە پرۆسەی بە مەدەنیکردنی کردنی کۆمەڵگاشدا رۆڵی گەورە ببینێ، بەلام دامەزراوە ئاینییەکانی لای ئێمە وەك پێویست رۆڵیان نەبووە، ئێمە باسمان لە شەڕی ناوخۆ کرد، بەلام رۆژێك نەمانبیست مامۆستایەکی ئاینی لە رێگای مینبەری مزگەتێکەوە بڵێت ئەم شەڕە شەڕێکی نەگریسە لەگەڵ خواپەرستی، لەگەڵ قورئان، لەگەڵ دابو نەریتی ئێمەدا ناگونجێ، بۆیە خەڵکی مەکوژن ئێوە یەکبگرن، بەداخەوە گوێمان لەوە نەبوو! هاوکات رۆژێك لە رۆژان نەمانبینی بەو هێندەیەی کەبایەخ بەقسەکردن لەسەر شتە بچوکەکانی وەك گۆرانیو فیلمێكو هتد دەدەن، بەو هێندەیە بایەخ بە بەرژەوەندیە گەورەکانی خەڵك بدەن، بەو هێندە بایەخیان نەدا بە پەوەردەکردنی خەڵك لەسەر رەفتارە ئایینە گەورەکان.

هاوکات بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە میللەتی ئێمە خواپەرستەو پەیرەوی لەپرنسیپەکانی ئاین دەکات ئەوەیە کە لەناو ئەو چەکدارییو بارە ناهەموارەی کە ئێمەی تێدا بوین، ئەوەی کەتوانی میللەت ریکبخات بە تەعبیری سۆسیۆلۆژیا کەپێی دەوترێت دیسپلینی کۆمەڵایەتی (الضبط الاجتماعی) ئاین بوو، ئەو وای لە تاکی کورد کرد کە دزی نەکات، پیاو نەکوژێتو کارەکانی تر نەکات، کەواتە لایەنە ئاینیەکە رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، ئینجا لایەنی نەتەوەییو نیشتمان پەروەری.

صەبور سەیوانی:- بە درێژایی مێژگرد کە باسمان لە کۆمەڵێك ئاستەنگ کرد لەبەردەم بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردیدا، باسمان لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کرد لە سەروەری یاساو مافی مرۆڤو بازاڕی ئازادو چەمکی هاولاتیو هتد..، لە دەرەنجامدا تا ئاستێکی زۆر لەسەر ئەوە تەبابوین کە هەبوونی ئەم پرەنسیپانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە ئاستی پێویستدا نین، لە دواتەوەردا ئایا دواتێزی ئێوە چییە بۆ گەشە پێدانی کۆمەڵگای مەدەنیو ئەو بنەما سەرەکیانە- کە لەم قۆناغەدا پێویستە کاری بۆ بکرێت- چین؟

د. دلێر شاوەیس:- پێم وابێت گەر ئێمە لەسەر ئەوە تەبابین کە کۆمەڵگای مەدەنی قۆناغێکە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، ئەبێ ئەوە بزانین کە خواستو ئارەزوەکانی ئێمە کۆمەڵگای مەدەنی دروست ناکات، تاوەکو کەرەستەو ئامرازەکانی لە ئارادا نەبێت، من پێم وایە لە کۆمەڵگایەکی ژێر دەستە دا ئیمکان نیە باس لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، تامەسەلەی سەربەخۆیی نیشتمانیمان نەبێت ناتوانن کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەرپا بکەین، بۆیە مەرجی سەرەکی لە ئێستادا پاراستنی ئەزموونی کوردستانو پاراستنی سەربەخۆیی و بەرەو پێش بردنی ئەو دەستکەوتە نیشتمانیو نەتەواتیانەیەو لەوێوە دامو دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بتوانین بخەینە گەڕو لە وەهمە تێوریەکانیش ڕزگارمان بێت.

د. رەشاد میران:- بێگومان هەنگاوە هەرە سەرەکیەکان بۆ ئایندەیەکی پێشکەتوو دەبێت لە سەقامگیر کردنی ئاشتییەوە دەست پێ بکات، ئینجا رەوتدان بە پێگەیاندنی خەڵك، حیزبەکان ببن بە قوتابخانە نەك تەنها کار بۆ کۆکردنەوەی خەڵك بکەن، بەڵکو فێریان بکەنوهۆشیاریان بکەن، بەمەش هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاد دەکاتو دەتوانێت بیگەێنێتە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام بەم عەقڵیەتەی ئێستاوە گەرچی هەوڵیش درابێت- بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بەڵام بەداخەوە نەمان توانیوە وەك پێویست بەو ئامانجە بگەین.

مەولود باوەمراد:- گەر باس لەچۆنیەتی پێکهێنانی پڕاو پڕی کۆمەڵگای مەدەنی و باس لە دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو پەیوەندیە دوالیزمەیی ( علاقة ثنائیة) یەی کەوا کۆمەڵگای مەدەنی پێك دەهێنێت، کە بەشێکی دەوڵەتە، من لەگەڵ ئەو شتانەی کە بەشدار بوانی بەڕێز باسیان کرد، پێم وایە گرنگترین خاڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تۆکمەی یاسا پەروەرو مافی مرۆڤ پەروەرو دیموکراتیزە کراودایە، هێزەکەی لەمەدا بێت، نەك هێزەکەی لەوە دابێت کە چۆنی زەبرو زەنگ بکاتو دوبارە بۆ دەسەڵاتە تەقلیدیە سواوەکان بگەڕێتەوە لە پیادەکردنی دەسەڵاتێکیمەرکەزیو حکومەتێکی نەتەوەییو تا دوایی... بەڵکو راستتر ئەوەیە کە حکومەتی نەتەوەیی لەمڕۆدا ئەوەیە کە تا چەندێك دەتوانێ دیموکراسی بێت، تا چەند دە توانێ یاسا پەیڕەو بکاتو مافی مرۆڤ بپارێزێت، ئەمە سەبارەت بەبەشی دەوڵەت، سەبارەت بەبەشی کۆمەڵگاش، پێم وایە تاوەکو زەمینەی گەشە سەندنێکی وانەبێت کە خەڵك بتوانێت لە ئاستی ململانێ کۆمەڵایەتییە توندو تیژەکان دەر بچێتو ئاستی هاوکاریوو لێبوردەییو خزمەتکردنی تێدا بێت، بەمانایەکیتر ئەگەر ئێمە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەی ئابوری-کۆمەڵایەتی - فیکری -هۆشیاری کۆمەڵایەتی بسازێنین، دەتوانین کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەرپابکەین، بەڵام پێویستە بزانین کە کۆمەڵگای مەدەنی حاڵەتێکی ئیجرائیە، واتە گەشەکردنی قۆناغ بەقۆناغی دەوێت، بەڵام ئەمە بە مانای چاوەڕوانی بێباکانە نیە، بەڵکو دەبێت لەلایەك هەنگاو بەرەو پێش هەڵگرینو لەلایەکی ترەوە رێگا لەو هەنگاوانە بگرین کە کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە.

صەبور سەیوانی:- لە کۆتایی مێزگردەکەدا دوبارە سوپاسی ئامادە بوونو بەشداریتان دەکەین،

سوپاس